# لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەسەر دیاردەی چەند ژنی لە هەرێمی کوردستان

پارێزەر:    زانا ڕۆستایی



**پێشەکی:**

بێگومان مەسەلەی  چەند ژنە مشت و مڕی زۆر لەسەر کراوەو لەسەریشی دەکرێت ، بەڵام ئەوەی جێی تێبینیە لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا نەمدیوە رووپێوێکی مەیدانی کرابێت بۆ ئەم بابەتە و سەرژمێری و داتای تەواو بداتە دەست کە لەسەر ئەو بنەمایە  مشت و مڕەکان بەرێوە بچن بەڵکو زۆربەی  ئەوانەی  قسە  لەم  بابەتە دەکەن لە لایەنگران و  نەیارانی دیاردەکە  بەبێ  زانیاری دێنە مەیدان و زیاتر ئایدیۆلۆجیانە هەڵوێست وەردەگرن و بریار دەدەن .

 ساڵی ٢٠٠٨  لەسەر چەند ژنە  لە پەرلەمانی کوردستان مشت و مڕی گەورە پەیدا بوو لە میانەی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی منیش

ئـەو کاتـە بەشـداریم هـەبوو لـەم بگـرە و بەردەیـە بـەڵام نـە مـن و نـە جیاوازەکـانی بەرامبـەرمان پشـت ئەسـتوور نـەبووین بـە هـیچ لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی ، بۆیە و بە مەبەستی گەیشتن بە راستی ئەو کات کە لە خولی دووەم پەرلەمانتار بووم بیرۆکەی ئەو دیراسەیەم بۆ هات و دەستم بە ئیش کرد لەسەری و فۆڕمێکی تایبەتم بۆ دروست کرد و بە هاوکاری چەند برادەرێکی بەرێز لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان بە دوای ئەو کەسانەدا گەڕاین کە ئەزموونی چەند ژنەیان هەیە و لە کەسانی نزیك لەوان زانیاری راست و دروستمان کۆکردەوە .

دوای ئەو هەوڵە (٢٢٥) فۆڕممان بۆ گەڕایەوە کە پڕ بوون لە زانیاری لەسەر بوارە جیا جیاکانی ژیانی ئەو ژن و پیاوانەی کەوا لەو ئەزموونەدا ژیان بەسەر دەبەن لە شارەکانی هەولێر– کرکوك – سلێمانی– دهۆك و دەوروبەریان .


بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا پارێزگای بەئامانجکراو بەشێوەیەکی سەرەکی هەولێر و سلێمانی بوو.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە کۆششی تاکەکەسی ئەنجامم داوە و هیوادارم ببێتە هاندەرێك بۆ لێکۆڵینەوەیەکی فراوانتر لە پێناو بەدەست هێنانی داتا و زانیاری وورد و دروست .

[1]- ژمارەی بەشداربوان (٢٢٤) فۆڕم .

٢- دابەش بوونی جوگرافی (هەولێر (٣٥) سلێمانی (١٧١) کەرکوك (١٥) دهۆك(٢).


| پارێزگا | قەبارەی سامپڵ | ڕێژەی سەدی تەواوی سامپڵ |
|---|---|---|
| هەولێر | ٣٥ | %١٥ |
| سلێمانی | ١٧٢ | %٧٦ |
| کرکوك | ١٥ | %٦ |
| دهۆك | ٢ | %٠.٨ |




٣- ئ

ەوپیاوانەی ژنی دوەمیان هێناوە (٢٤.٥٪) کچیان هێناوە (٥٤٪ ) قەیرەیان هێناوە ( ٢٠.٩٪) بێوەژنیان هێناوە . ( تەمەنی ٣١ سال بەرەو ژوور بە قەیرە دانراوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا).

| بێوەژن | ڕێژەی | قەیرە | ڕێژە | کچ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤٧ | ٢٠.٩٪ | ١٢١ | ٥٤٪ | ٥٥ | ٢٤.٥٪ |





**کەواتە ٧٥٪ یان قەیرە یان بیوەژنی هێناوە بەمەش ئەو دیاردەیە دەبێتە چارەسەرێك بۆ كێشەیەکی کۆمەلأیەتی .**

٤- ئاستی بژێوی ئەوپیاوانەی ژنی دوەمیان هێناوە (٢٥.٨٪) دەوڵەمەند و (٦٣.٨٪) مامناوەند و (١٠.٢٪) هەژارن. کەواتە ئەوانەی توانای داراییان باشە ژنی دووەم دێنن.

٥-

**ئاستی بژێوی پیاوەکە**


| هەژار | مامناوەند | دەوڵەمەند |
|---|---|---|
| ٢٣ | ١٤٣ | ٥٨ |




٦- ئەوانەی ژنی دوەمیام هێناوە  لەبەر نەزۆکی ژنەکەی (٨.٩٪) و لەبەر نەخۆشـی تـر (٤٪) و لەبـەر ئـارەزوو (٧٠٪) و بـە هـۆی تـر (١٦٪). کەواتە زۆربەی ئەوانەی ژنی دووەم دێنن بۆ هەواو ئارەزوە.

**هۆكاری هێنانی ژنی دووەم**

| نەزۆكی | نەخۆشی | ئارەزوو | شتی تر |
|---|---|---|---|
| ٢٠ | ٩ | ١٥٧ | ٣٦ |





٧- ئاستی زانستی ئەوپیاوانەی ژنی دوەمیام هێناوە (٢٣.٦٪) نەخوێندەوار و (١٤.٧٪) تەنها خوێندەوار و (١٤.٧٪) سەرەتایی و (١٣٪) ناوەندی و ( ٥٪) دواناوەندی و (٣٪) پەیمانگا و ( ٤٪) زانكۆ

و ( ٢٪) مەلایەتی و (١٩٪) نەزانراوە. کەواتە تا ئاستی زانستی بەرزتر بێت دیاردەی ژنی دووەم کەمتر دەبێت.

**ئاستی زانستی پیاوەکە**


| نەخوێندەوار | خوێندەوار | سەرەتایی | ناوەندی | دواناوەندی | پەیمانگا | زانکۆ | مەلایەتی | نەزانراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٣ | ٣٣ | ٣٣ | ٣٠ | ١٢ | ٧ | ٩ | ٥ | ٤٣ |




٨- ئەو ژنانەی شووی دووەمیام کردوە (٣٨٪) نەخوێندەوار و (١٠.٧٪) تەنها خوێندەوار و ( ٨٪) سەرەتایی و (١٥٪) ناوەندی و (١٪) دواناوەندی و (٢.٦٪) پەیمانگا و ( ١٪) زانکۆ و (٢٢٪) نەزانراوە.

**ئاستی زانستی ژنی دووەم**

| نەخوێندەوار | خوێندەوار | سەرەتایی | ناوەندی | دواناوەندی | پەیمانگا | زانکۆ | ئەزانراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨٦ | ٢٤ | ١٩ | ٣٤ | ٣ | ٦ | ٣ | ٥٠ |





کەواتە تا ئاستی زانستی ژن بەرزتر بێت دیاردەی شووکردن وەکو ژنی دووەم کەمتر دەبێت .

٩- ئەوپیاوانەی ژنی دوەمیان هێناوە (٥٤.٤٪) دادپەروەریی هەیە (٣٤.٨٪) تا رادەیەك دادپەروەریی هەیە (٨.٩٪) دادپەروەریی نییە. کەواتە زۆربەیان دادپەوەریی رێژەیی دەکەن.

دادپەروەریی پیاوەکان


| دادپەروەرە | تاڕادیەك دادپەروەرە | دادپەروەر نییە |
|---|---|---|
| ١٢٢ | ٧٨ | ٢٠ |



١٠- ئەو ژنانەی ژنیان بەسەر هاتووە (٦٢٪ ) رازی بوونە یان رازی کراون و ( ٣٥.٧٪) رازی نەبوونە. کەواتە زۆربەی پیاوەکان بە رەزامەندی ژنی یەکەم ژنی دوەمیان هێناوە.

رازیبوونی ژنی یەکەم


| رازی نەبووە | رازی بووە |
| --- | --- |
| ٨٠ | ١٤٠ |



١١- هەردوو ژنەکانان ( ٨٢.٥٪) بەیەکەوە گونجاون و ( ١٢٪) بەیەکەوە گونجاو نین.

**بەیەکەوە گونجانی ژنەکان**


| گونجاون | نەگونجاون |
|---|---|
| ١٨٥ | ٢٧ |



١٢- هەردوو ژنەکان (٤٤٪) بەیەکەوە دادەنیشـن (٥٥.٨٪) ماڵـەکانیان جیان.

ژنەکان بەیەکەوەن یان جیان

| جیان | بەیەکەوەن |
| --- | --- |
| ١٢٥ | ٩٩ |




١٣- لایەنی سیاسی ئەوانەی ژنی دوەمیام هێناوە (٢٣.٦٪) ئیسلامی (١٥.٦٪) پارتی و (٣٥.٧٪) یەکیەتی و (١٧.٨٪) بێلایەنن.

کەواتە زۆربەی ئەوانەی ژنی دوەم دێنن لایەنگرانی پارتی و یەکیەتین یان بێلایەنن کە ٧٦.٤٪ دەکات.

**لایەنی سیاسی پیاوەکان**


| ئیسلامی | پارتی | یەکێتی | بێلایەن |
|---|---|---|---|
| ٥٣ | ٣٥ | ٨٠ | ٤٠ |



١٤- تەنها (١.٧٪) لەو پیاوانە دوای ئەوەی ژنی دوەمیان هێناوە ژنی یەکەمیان تەلاقداوە. کەواتە ژنی دووەم نابێتە هۆی تەلاّقدانی ژنی یەکەم.

مانەوەی ژنی یەکەم

| ماوەتەوە | تەلاقدراوە |
| --- | --- |
| ٢٢٠ | ٤ |





١٥- تەنها (٥.٨٪) ژنەکان تەمەنیان لە پیاوەکان گەورەتر بووە لە کاتی شوو پێکردنیان (٩٥.٥٪) بچووکتر بوونە .

کەواتە زۆرینەی پیاوان ژنی لە خۆیان بچووکتر دێنن و زۆربەی ژنان مێردەکانیان لە خۆیان گەورەترن .

١٦- ئـەو پیاوانـە ژنـی دوەمیـان هێنـاوە (١.٧٪) تەمـەنیان لـە نێـوان (٢٠ –٣٠) سـاڵ بـوو (٢٩.٩٪) تەمـەنیان لـە نێـوان (٣١ –٤٠) بـوو (٣١.٦٪) تەمەنیان لە نێوان (٤١–٥٠) بوو(١.٧٪) تەمەنیان لە نێـوان (٥١–٦٠) بـوو (٧.٥٪) تەمـەنیان لـە نێـوان (٦١–٧٠) بـوو( ٢٪) تەمـەنیان لـە نێـوان (٧١–٨٠) بـوو ( ٢٪) تەمـەنیان نـەزانراو بـوو. کەواتـە تەمـەنی نێـوان (٤١–٥٠) تەمـەنی هێنـانی ژنـی دووەمـە بـۆ پیاوان.

تەمەنی هێنانی ژنی دووەم بۆ پیاوان


| تەمەن | ٢١–٣٠ | ٣١–٤٠ | ٤١–٥٠ | ٥١–٦٠ | ٦١–٧٠ | ٧١–٨٠ | نەزانراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٤ | ٦٧ | ٧١ | ٤ | ١٧ | ٥ | ٥ |



١٧- ئـەو ژنانـەی شـويان كـردوە وەك ژنـی دووەم (٢٪) تەمـەنيان لـە نێوان (١٥–٢٠) ساڵ و (٢٧.٦٪) تەمـەنيان لە نێوان (٢٠–٣٠) سـاڵ بـوو (٤٣٪) تەمـەنيان لـە نێـوان (٣١–٤٠) بـوو (٢٤٪) تەمـەنيان لـە نێوان (٤١–٥٠) بوو (٤٪) تەمەنيان لە نێـوان (٥١–٦٠) بـوو (١.٧٪) تەمـەنيان لـە نێـوان (٦١–٧٠) بـوو (٤٪) تەمـەنيان نـەزانراو بـوو. كەواتە لە تەمەنی دوای (٣١) سـاڵی بـەرەو ژوور ژن وەك ژنـی دووەم شوو دەكات واتە سەر بە هەوێ.

تەمەنی شوكردنی سەربەهەوێ

| تەمەن | ١٥–٢٠ | ٢١–٣٠ | ٣١–٤٠ | ٤١–٥٠ | ٥١–٦٠ | ٦١–٧٠ | نەزانراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٥ | ٦٢ | ٩٧ | ٥٤ | ١١ | ٤ | ٩ |



هیوادارم بەم داتایانە توانیبێتم هاوکاریەکی لێکۆڵەرەوەو یاسادانەرانم کردبێت بۆ باشتر ناسینی دیاردەی چەند ژنەو مامەڵە لەگەڵ کردنی بە شێوەیەکی زانستی و بابەتیانە.